Kurdistan Nêt

2/5/2002

ئەم باسە لەهەمان مێژوی نوسینیەوە، واتە ٢٠٠١/١١/٢٥ نیردراوە بۆ هەفتەنامەی هاوولاتی، بەلام بەرچاوی هیچ خوینەرێك نەكەوتوەو بلاونەبوەوە، بۆیە منیش پاش ئەو ماوە زۆرە، دەینیرم بو مالپەری كوردستان نێت، بەهیوای ئەوەی لەماوەیەكی كورتدا لەگەل باسێكی تر لەسەر ئیسلامی سیاسی، وەك كتیبێك چاویان بەدنیا بكەوێت. سامان كەریم ٢٠٠٢/٢/٤

# بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكان ،جیهانگیری، كلتورو كۆمەلگای فرە كلتوری، جند اللاسلام !
## سەرنجێكی كورت لەسەر باسەكانی بەرێزان بەختیار علی، مەریوان وریا قانع

سامان كەریم
zaryak@yahoo.com

باسەكەی من راستەوخۆ پەیوەندی نییە بە رووداوەكانی ١١ی سیپتمبەرەوە، بەلام ئەم دوو بەرێزە لە باسەكانیانداسەبارەت بەم رووداوە هەندی مەسائیلی تریان هێناوەتەوە كە بەدروست پەیوەندی هەیە بە خودی رووداوەكەوە، بەلام لەهەمان كاتدا وەك هەر دیاردە یان مقولاتێكی تر دەكرێ بە جیا لەم ورووداوە باسیان لێ بكرێت، وەك جیهانگیری "Globalization" و كۆمەلگای فرە كلتوری "Malticultuer Sociaty" و لە كوردستان یش " جند الاسلام"..... رووداوەكانی ١١ی سیپتمبەری ئەمسال جیهانی هەژاند، لە هەموو مەیدانەكانی ژیانی ئینساندا، هەل ومەرجی سیاسی، ئابوری، فەرهەنگ ، فكر، ریزبەندی تازەو ئارایشی نوێی نێوان هیزە كومەلایەتی و حكومەتەكانی جیهان، جێگاو رێگای بزوتنەوە كۆمەلایەتیەكان، جێگاو رێگای ئەمەریكا وەك زلهێزترین هێزی جیهان، جێگاو رێگای بزوتنەوەو هێزە ئیسلامییەكان. بە پێی هەمان كاریگەری فراوان و گەورەی ئەم رووداوە، لێكدانەوەو باس و لیكولینەوەی جوراوجۆری لەسەر كراوە تا ئێستا بەردەوامەو پێ دەچێت ماوەیەكی زۆریش، ئەم باس و لێكولینەوانە بەشێوەی جوارجوۆر و لە دیدی جیاوازەوە بەردەوام بێت بەتایبەت كە ئیمە تازە لە جەنگێكی گەورەو فروان و بێ سنور وبێ دیاربونی مەیدانی شەرەكانی( جگە لە زەوی ئەفغانستان) دەرگیرین، بەمانایەكی تر دامێنی جوگرافیایی ئەم جەنگە بەجیاواز لە جەنگەكانی تا ئێستا، دیارنییە. ئەم رووداوە جگە لەوەی كە بەرەیەكی فراوانی پێكهێنا بەرابەری ئەمەریكا لە دژی "تیرۆر!"، بەهەمان شێوە مەیدانیكی گەورەو فراوانی كردەوە بۆ دیباتێكی فراوان، بو لێكولینەوەو پلەمیكی دیدو بوچونە جیاوازەكان و تەواوی مەسائیل و هیوا پیروزەكانی ئینسانی لە ئازادی، یەكسانی، عەدالەت خوازی، مافەكانی ئینسان و... بۆ جارێكی تر هێنایەوە ژێر باس و لێكولینەوەی جیاواز . باس لە جەنگی شارستانیەكان دەكرێت، باس لە بالاتربونی شارستانی رۆژئاوا دەكرێ لە بەرانبەر شارستانیەتی رۆژهەلات یان عەرەب و ئیسلام، باس لە پیروزی و بەرزی هەردوو شارستانیەكانی رۆژئاواو و رۆژهەلات دەكرێ، باس لە جیاكردنەوەی ئیسلام بە ئیسلامی باش و خراپ، ئیسلامی میانەرەو ئیسلامی تیرۆریست، باس لە شارستانیەت و بەهاكانی رۆژئاوا دەكرێ لە دیمكراتیو مافی مروۆ و ئازادی تاك و ئازادی راگەیاندن و رۆژنامەگەری و پێشكەوتنی تەكنولۆژی و... دەلێن، هێرشەكانی ١١ی سیبتمبەر بوسەر كۆشكی ناوەندی بازرگانی جیهانی لە نیویۆرك و كۆشكی پنتاگۆن لە واشنتن، هێرشێكە دژی شارستانیەتی مەدەنی و دیمكراتی رۆژئاوا و شەری حەقە دژ بە كوفر.... دەلێن و دەنوسن لە رۆژنامە عەرەبی زمانەكان، لە ئینگلیزی زمانەكان لەسەر لاپەرەی نێتەكان، لە نێو رۆژنامەی حزبەكان و.... كاریگەرییەكەی لە هولیود یش دەبینین.

لەكوردستانی عێراق، بەهەمان شێوە ئەم مەسەلەیە گەرمە، بەهەمان شێوە بوّتە جێگای لێدوان و لێكۆلینەوەو قسەوباس، نەتەنها لەبەرئەوەی هیزێكی وەك " جنداللاسلام" لە كوردستان هەیە و شەریەتی لەگەلّ یەكیتی نیشتمانی كوردستان، ئەم هێزە تیرۆریستەو تیرۆر دەكات، ئەمە روویەكی واقعیەتێكی گەورەترە كە گشت

دانیشتوانی کوردستان ١١ساڵ زیاتره لەسایەی‌دا ژیان و گوزەرانیان دەبەن بەڕێوە، واقعیەتێك، کە هەر ڕۆژە، نەك " جندالاسلام" ێك بەلکو چەند " جندالاسلام" پێك دەهێنێت و دروستی دەکات و لەهەمانکاتدا تورِی هەڵدەدات، واقعیەتێکی تاڵ کە هیچ دەستور، یاسا یەکی مەدەنی لە کوردستان دا نابرێت بەڕێوە، هیچ ڕێز لە شەخسیەت و کەرامەت و تەنانەت ژیانی فیزیکی ئینسان ناگیرێت، واقعیەتێك، کە ئینسانەکان بەناچار بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لەم دەڤەرە کە ناوی کوردستانە، بەجیّ‌یّ دەهیلّن، کوڕەو دەکەن. ئەم واقعیەتە بەر ئەنجامی هەلومەرجێکە کە ئیستا پاش ١١ ساڵ لە شوینێکی تر دەستی بە تاقیکردنەوە کردوە، بەشێوەیەکی بەربەری تر. واقعیەتی ئەمڕۆی کوردستان لە هەموو دامێنەکانی ژیانی ئینسان دا لە سیاسەت و ئابوری و لە فەرهەنگ و فکر لە هونەرو ویژە ، لە شێوەو ناوەڕۆکی دەسەلاتداریتی و بەڕیوەبردنی دەسەلات ڕیشەکەی لە هەمان هەلو مەرجی ١١ ساڵ لەمەوبەردایە. فوتۆکوپی کردنی هەلو مەرجی جیهانی بۆ نێو کوردستان تەنها لەوەوە نی‌یە کە " جندالاسلام" ی لیّ‌یەو تیرورستە، بەڵکو لەوەوەیە کە کوردستان وە دەسەلاتدارانی کوردستان خۆیان بەرئەنجامی ئەو هەلومەرجەن کە ئیستا بەرابەری ئەمەریکا لە ئەفغانستان دەبرێت بەڕێوەو ١١ساڵ پیش ئیستا لە کوردستان وعێراق دەستی پێکردو تا ئیستا درێژەی هەیە، مەسەلەکە وە کوسپەکە هەر ئەوەنی‌یە، گروپێکی تیروریست رادەگەیەنێت کە لە ناوچەیەکدا دەسەلاتدارە( ئەمە ڕویەکی کۆسپ و مەسەلەکەیە) کۆسپی ڕیشەیی ئەوەیە، بۆچی " جندالاسلام" ێك لە کوردستان دا توانای سەرهەڵدانی هەیە، توانای ئەوەی هەیە گەشەبکات و ئیدعای دەسەلاّتدارێتی و سەپاندنی دەستور ویاسای خۆی بکات، چ هەلو مەرجێکی سیاسی و کۆمەلایەتی چ شێوەو ناوەروك و فەرهەنگێکی زاڵ لە کومەلگادا ڕیگا دەدات بە کردنەوەی ئەم جۆرە گیرفانانە، ئەمە کۆسپی ڕیشەیی‌یە، بە کورتی پیش ئەوەوی جەنگ وشەڕی ئیستا فوتوکوپی بکرێت، خودی هەلو مەرجی سیاسی و کومەلایەتی کوردستان خۆی هەلومەرجێکی دروستکراوی دوای جەنگی کەنداوە، بۆیە بەئاسانی ڕیگا بە فوتۆکۆپی‌کردنەوەی دیاردەکانی تر دەدات. بەبیّ چارەسەرکردنی هەلومەرجی هەنوکەیی کوردستان لە باری سیاسی و کومەلایەتی‌یەوە، قسە کردن لەسەر بنەبڕکردنی تیروریزم یان لێدانی وەکو تەقاندنی بلقی کەف وایە، تا کو یەکێکیان دەتەقێنی دەیانی تر سەرهەڵدەدات، بەلام بۆ بزوتنەوە ئیسلامی‌یەکان و بۆ هێزەکانی وەك " جندالاسلام " پێویستە خالێکی تر، کە بەهەمان ئاستی خالّێ پیشووتر گرینگی هەیە، پێویستە باس بکریت( لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەم).

لەبەرانبەر ئەم کوسپەدا، یان لەبەرابنەر تەواوی هەلومەرجی دوای ١١ی سیبتمبەردا، سیّ تێڕوانینی ئەصلی هەیە، کە هەرسێکیان بەهەمان شێوە لە کوردستان یشدا بەشێوەیەکی ڕۆشن دەبینرێت، لایەنگرانی هێرشی ئەمەریکا و سیاسەتەکانی، لایەنگرانی یەکێتی نیشتمانی و هیرشەکانی، لایەنگرانی بن لادن سیاسەتەکانی، لایەنگرانی جندالاسلام و هێرشەکانی، لایەنی سێهەم کە بەگشتی دژ بەشەڕی ئەمەریکایە لە ئەفغانستان بەلام بیّ ئاسۆ لە باری سیاسی‌یەوە، دژی شەڕی ئەمەریکایە بەلام بیّ‌دەنگە بەرانبەر بە مەسەلە و کێشەی گەورەی فەلەستین، کیشەی گەورەی ئابلوقە لەسەر عێراق، کێشەی خەلکی کوردستان، قەتل و عامی سورهاتو لە تەیموری روژهەلات، کوشتن و ئیعدام کردنی دەیان هەزار ئینسان لە ئێران ، بەکۆچکردنی خەلکی کوردستان و بەعەرەب کردنیان لە لایەن حکومەتی بەعسەوە و.... لەبەرانبەر هەموو ئەم کوسپە گەورانەدا بیّ‌دەنگ وە ناموّ دانیشتوە و پشت لە هەواڵەکان و وێنە کانی تەلەفزیون و کەناڵە بیّ ژومارەکانی ڕاگەیاندن دەکات و دوگمەی کونترۆڵەکەشی لەسەر پیّ‌یە بۆ گۆڕین ، ئەگەر هەواڵەکە یان وێنەکە پەیوەندی بە وولّاتی خۆیەوە یان کۆمەڵگای خۆیەوە نەبێت، بەلام لەگەل یەك فیشەکی ئەمەریکادا بەرزدەبێتەوە( ئەمەیان پۆزەتیڤە)، لە کوردستانیش بەهەمان شێوە دەبینین وە دەخوێنینەوە کە دژی شەڕ جەماوەری خۆی هەیە، بەلام چەند ساڵە بیّ‌دەنگە نەك تەنها بەرانبەر بە کوشتنی ژنان لە کوردستان، نەك تەنهای بەرانبەر بە بیّ مافی و نەبونی ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان، بەلکو بەرانبەر بە ئابلوقەی ئابوری، بونی هێزەکانی ئەمەریکا لە کەنداو، بونی هێلەکانی دژە فڕین و هێرشەکانی تورکیا بوسەر کوردستان و... ئەم ڕەنگدانەوەیە ئەم چون یەکی‌یە بۆخۆی بەرئەنجامێکی ئاسایی

هەلومەرجی سیاسی ئیستای کوردستانە کە زۆر بە توندی و بەقوڵێ بەستراوەتوە بە گەمەی سیاسی جیهانەوە، لەهەمانکاتدا خێرایی پیک گەیشتنەکان و دەستوبرد لە وەرگرتن و هێنانی کوپییەکاندا، بەرئەنجامی گەشەی گەورەو فراوانی تەکنولوجیای ڕاگەیاندن و ئینفورمەیشن و پەیوەندگرتنە.

لە پەیوەند بەم باسانەوە، هەردوو نوسەری بەڕێز، بەختیار علی و وریا مەریوان قانع بە دەوری خۆیان بەشداریان کردوە لە لێکولینەوە ولێکدانەوەی هەلێ ومەرجی دوای ١١ی سیبتمەر و دیاردەی " جندالاسلام" لە ژمارەکانی ٤٤ ، ٤٥، ٤٧،٤٨ی هەفتەنامەی هاوولاتیدا، لە ژێر ناوی "ئەزمونی دارستان و ئەزمونی دیمکراسیەت" و "جیهان لە دوای ١١ی سیپتمبەروە" یەك لەدوای یەك و هەریەکەیان بە دووبەش باسەکانیان بلاوبۆتەوە، کە لەباری هەلویستی ئینسانییەوە سەبارەت بەدوولایەنە ناکۆکەکە ( ئەمەریکاو هاوپەیمانانی و قاعیدەو تالیبان و هاوپەیمانانیان) هەڵویستیکی ئینسانی پیادەکەن و لەم بارەوە منیش وەك ئەوان بیردەکەمەوە" نەلەگەل بۆش یان ئەمەریکا، نە لەگەل بن لادن یان تالیبان" بەلام ئەوە لایەنێکی باسەکەیە، باسی ڕیشەیی تر، ئەوەیە ئەو جیهانەی کە " ... جیهانێکی پڕ لە مژدەو عەدالەت و یەکسان هەیە، جیهانێك کەرامەت و ڕێزو ویستی ئینسانی تێدا پارێزراوبێت" (بەشی دووەم وریا قانع/ ژمارە٤٨هاوولاتی) چۆن بەدەست دەهێنرێت؟ میکانیزمەکانی جێ بەجێبون و کردنی بە واقعێکی ملموس چۆن پراتیك دەکرێت؟ لەسەر دەستی کام هێز و کام بزوتنەوەیە ئەم هیواو ئامانج و خولیا ئینسانییە مەیسەر دەبێت؟ و... چەندین پرسیاری تری لەم بابەتە. من زۆر هەولم دا لە هەردوو نوسینەکەدا بە هەر چواربەشەکەیەوە، سەرە داوێك پەیدابکەم، بوئەوەی ئەم سەری مەنجەلە بخەمەوە سەر مەنجەلەکە، بۆئەوەی ئەم هیواو ئامانجە بکەم بە بەرگی بزوتنەوە و هێزیکدا کە شایستە بن یان " حاشا شایستە نەبن " بەلام بێ سود بوو، ئەو هێزو بزوتنەوەیەم دەست نەکەوت، تەنانەت گەرام بە دوای مانا و لێکدانەوەکانیشدا بۆ ئەوەی بەشێوەی مجازی بە دەستیان بهێنم بەلام دیسان بێ سود بوو، بۆیە وە تەنها لە بەرئەوە بە پێویستم زانی ئەم باسە بنوسم. بەلام نوسینی ئەم باسە لە بەرانبەر ئەم دوو بەڕێزەدا و لەبەرانبەر ئەم باسانەیاندا، ڕاستەوخۆ لە خودی باسی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان و هێزەکانی ئەوانەوە دەست پێناکات، ئەو کارە هەمیشە و هەرکات هەرکەس بیەوێ دەتوانێ باسیان لەسەر بکات، ئەوەی ئەم باسە زیاتر ڕۆشن دەکاتەوە، لەخودی دوو باسەکانی ئەواندا کە لە دووتوێی چواربەشەکەدا بەشێوەی جیاواز، یان دووبەش دووبەش بەشێوەی جیاواز قورسایی داناوە بەسەر ڕیڕەوی گشتی دیارنەبوونی ئەم بناغە ڕیشەییەدا، دەردەکێشم، واتە پێویستە لە پشت ئەو مقولات و گوزراشتانەدا کە هەردوو نوسەر بەکاریان هێناوە وەك ستون و هەیکەلی نوسینەکانیان، ئەم باسە ڕیشەییە دەربکێشرێت. بویە منیش باسەکەم هەروەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پیکردوە لەسەر " جیهانگیری " و " گومەلگای فرە کلتوری "و "جند الاسلام" دەست پێدەکەم، لەسایەی ئەم باسەدا بەپێێ پێویست دەبێت ئەوباسەمان ڕۆشن کردبێتەوە. پێش ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە پێویستە ئەوەش بلێم کە، ئەم بەڕێزانە بەشێوەیەك هاتونەتە سەر ئەوەی کە دیدگاو بۆچونە جیاوازەکان نیشان بدەن، بەلأم تەنها وەك گیرانەوە یان ئاماژە پێکردنێك و هیچی تر ڕۆشن نییە کە لەگەل گام بۆچونەدا ئەوان باسەکانیان جووت دەبینن یان هاوڕان لەگەلیاندا لایەنی کەم لە هێڵی گشتیدا، بەتایبەت دووبەشی بەرێز وریا قانع، ئاماژەیەکی زیاتر بەم لایەنە دەکات.

* گلوبالیزەیشن " جیهانگیری " چییە و ئامرازی دەستی کێیە تا ئیستا؟!

باسی گلۆبالیزەیشنی بەڕێز بەختیار عەلی دولایەنی تێدایە کە پێویستە سەرنج بدرێن لایەنێکیان باسە لە هیواو ئومیدێك کە بە گلۆبالیزەیشن هەیە لای نوسەر و خۆی باسی دەکات و دەنوسێت " واتە بەجۆرێك لە جۆرەکان بەربەستدانان و کەمکردنەوەی دەرفەتەکانە لە بەردەم ئەو لایەنە ڕوناکانەدا کە لە پڕۆسەی گلۆبالیزەیشندا هیوامان پێی بوو ، واتە دەکرێت کەمێك بە دوودلییەوە قسە لەسەر سەرکەوتنی هێزە توتالیتارو دەسەلاتخوازەکانی ناو گلۆبالیزەیشن بکەین. ئەگەر ئەم سەرکەوتنە سەرکەوتنێکی کاتیش بێت، خۆی لە خۆیدا گورزێکی کوشندە بوو لە مانا ئەخلاقییەکانی جیهانگیری. ڕاستە لە جەوهەردا خوێندنەوەی ئەم ڕووداوانەی

Kurdistan Nêt

ئیستا بەشێکە لە ستراکتۆری پرۆسەی گلۆبالیزەکردن( ) بەلام لە هەمان ساتدا ئاماژەن بو سەتحییەت و سادەیی هەندێك لەو خەونانەی لەسەر گلۆبالیزەیشن بونیاد نرابوو."( بەختیار علی بەشی یەکەم / هاولاتی ژمارە ٤٤/ هێلی تاکیدەکان هیمنە) لایەنێکی تریان ئەوەیە کە نوسەر بەهیچ شێوەیەك نایەتە سەر بزوتنەوە ، هیزێك کە بەدوای سەپاندن یان پیادەکردنی جیهانگیرییەوە، تەنانەت پێمان نالێت کە " سەتحییەت و سادەیی هەندێك لە خەونانە" خاوەنەکانیان کێن ؟! وە ئەو لایەنە ڕوناکانە چیبوون؟! وە کام هێز بڕیاربوو ئەو لایەنە ڕوناکانەی جیهانگیری جێبەجێبکات کە نوسەر بڕوای پیەتی؟ ئەوانە کێن کە بەربەستیان دانا لە بەردەم دەرفەتەکاندا؟! ( ڕۆشنە نوسەر باسی بوش و تالیبان دەکات) بەلام وەك پاریزەرانی بەرژەوەندی چی؟! وەك ڕابەرو بردنەپیشەوەی کام بەرژەوەندی سیاسی، کام بزوتنەوەیە، کام چین، کام تویژ؟! دیارنەبونی هێز یان بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی، لەسەر باسی جیهانگیری کە نوسەر پیی وایە زەرەرێکی گەورەی لیکەوتوە لە دوای ١١ی سیبتەمبەرەوە( من پێم وایە جیهانگیری قازانجێکی باشی لێکردوە) وا لەنوسەر دەکات کە بنوسێت( پیداگرتنی ئەمەریکا لەسەرئەوەی "لەگەلمدابیت یان دژیت " نەوەك گورزێکی گەورەیە لە گلوبالیزەیشن، بەلکو گورزێکە لە کلتوری دیالوك و قەناعەت پیهینان، هەلبژاردنی ئازاد کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسییەت.) ( هەمان سەرچاوە. تاکیدەکان هیمنە)، لەسەر پایەی هەمان میتۆدو مەنتق، مەنتقی ئومێد بە جیهانگیری و بەها ئەخلاقییەکانی و خۆش باوەربون بە جیهانی ئایدیاو ڕۆشنبیری و دایەلۆگ و فەزای فرەکلتوری بنوسێت " ئەم قۆناغەی گلۆبالیزەیشن، کە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی خۆرهەلات خۆی لە ترسی توندڕەوی ئاینیو ترس لە خۆرئاوا ئازادبکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو خۆرئاوا خۆی لە میراتی ئیمپریالیەت و هاوپەیمانە خراپەکانی قۆناغەکانی پۆستکۆلۆنیالی ئازاد بکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو دنیای ویران بتوانێت بەڕێگای ئاشتی فشار بخاتە سەر دنیای ئاوەدان، کەچی توندڕەوەکان لە خۆرهەلات و خۆرئاوا، لەسەر ئیرسی قۆناغە دێرینەکانی جاران دەژین."( هەمان سەرچاوە/ تاکیدەکان هیمنە) لێرەشدا ڕۆشن نییە کە چۆن بە پیێ کام لێکدانەوە زانستییە دەرفەتێکی گرینگ هەبوو بەلام " توندرەوەکان" نەیانهێشت! پاشان خۆرهەلات کێیەو خۆرئاوا کێیە؟ لیرەشدا ڕۆشن نییە کام هێزی ڕۆژهەلات و کام هێزی ڕۆژئاوا، خۆ بەخۆ توندڕەوی هیچ مانایەکی ڕۆشن نادات بەدەستەوە، نوسەر پێمان نالێت، ئەم توند ڕەوانە بو لە ١١ی سیبتەمبەردا و تەنها لەو کاتەدا خەباریان بوەوە، وپیشتر خۆیان حەشار دابوو، وە بۆچی بون بە توندڕەو یان توندڕەویان هەلبژارد؟! مونتیقی توندڕەوی ئەمانە چییە؟! توندڕەوی ئەوان لەسودو بەرژەوەندی کێیە؟! و...

بۆوەلامی دژایەتی و لە هەمانکاتدا ئەو ناڕوشنیانەی کە لەباسی نوسەردا هاتوە، هەروەها بەرانبەر بە ئومید و خۆش باوەرییەك کە بنیات نراوە لەسەر ئەو ئومید وهیوا و بەها ئەخلاقییانە( دیارە نوسەر مافی خۆیەتی چی بنیات بنیّ بەسەر جیهانگیری) پێشتر کەمیك بەکورتی باسێکی کورت لە جیهانگیری دەکەم و لە دوتوێی ئەو باسەدا هەول دەدەم وەلام بە باسەکانی ئەم بەرێزە بدەمەوە.

مەبەست لە جیهانگیری چییە لە ژیانی هاوچەرخی ئیمەدا؟ بڕیارە جیهانگیری چیمان بومان بکات لە ڕوانگەی بیریاران سیاسەتمەدارانیکەوە کە بە لیشاو دێنە سەر ئەم باسەو لە لایەنە پۆزەتیفەکانی دەدوین؟ ئومێد و هیواو یەك گە بەستراوەتەوە بەجیهانگیری ئاماژە بەچی دەکات بەچییەوە گرێی خواردوە؟ جیهانگیری مقولەیەکی ڕۆشنبیری یان کلتوری یان ئابوری یان سیاسی یان چییە؟ پەیوەندی بەکام دامێنی ژیانی ئینسانەوە هەیە؟ لە پیشت جیهانگیرییەوە کێ وە چی وەستاوە؟و... لە بەرانبەر ئەم پرسیارانەدا و چەندین پرسیاری جۆراوجۆری تریش، لەماوەی ١٠ساڵێ ڕابوردودا زۆر زۆر نوسراوەو وتراوە، ڕەوتی جیاواز لە بەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا چ لەی ئاستی فکری و چ لە ئاستی پراتیکی دا پیکهیناوە.

جیهانگیری، لەباری جێکەوتنی سستەمی کۆمەلایەتی یەوە ( مەبەست دەستپێکردن و بەرپاکردنی پرۆسەکەنییە بەلکو جیگیربونی وەك سستەمێکی کۆمەلایەتی، ئەگینا دەست پێکردنی مێژویەکی کونی هەیە، لەگەل سەرهەلدانی سستەمی سەرمایەدا، دەستی پێکردوە، ئادەم سمیس، مارکس، .... هیلفردینگ، بوخارین ، لینین

و... به شێوەیەکی ڕۆشن و وە جیاواز ئەم دیاردەیان ڕۆشن کردوٚتەوە) ماوەیەکی کەم نییە، کۆتایی هاتوە، سەرمایەداری وەك سستەمێکی کۆمەلایەتی تازە ( کۆن) دەمێکە لە دواکەوتوترین ناوچەو وولاتەکانی جیهاندا جیگیر بوە، دەمیکە پەیوەندی بناغەییو ڕیشەیی نێو کۆمەلگاکان لە تەواوی وولاتانی جیهاندا پەیوەندی نێوان کارو سەرمایەیە، بەلام لەدوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە، لەدوای نەمانی جیهانی دو بلوکییەوە لەدوای ڕوخان و پەککەوتن و شکستی موٚدیلێکی تایبەتی سەرمایەدارییەوە( سەرمایەداری دەولەتی) کە لەلایەن یەکێتی سوٚڤیەتی جارانەوە ڕابەری دەکرا، ئیمە شاهیدی هێرشی جیهانگیرین. جیهانی سالاْنی دەورانی جەنگی سارد جیهانێکی دابەشکراوبوو، بە دوو شێوەی جیاواز لە سەرمایەداری " دەولەتی " و " بازاڕیٚ ئازاد"، هەریەکەشیان بە پشتیوانەیەکی ئایدولوٚجی و ڕوٚشنبیری، سیاسی و .... دیاریکراویان هەبوو، بەلام هەردووکیان لە لایەن بزوتنەوەی کوٚمەلایەتی گەورەو فراوانی جیهانی و لوٚکەلییەوە ڕابەری دەکران، کە زەین و هوشیاری ملیونەهاو ملیارەها ئینسانیان داگرتبوو، بەهوٚی دەولەت، دەسەلات، میدیا، پولیس و سوپا و دەزگا جاسوسییەکان، ئەحزابی سیاسی، بیریاران و ڕوٚشنبیران، ڕیکخراوەی جەماوەری جوٚراوجوٚری کرێکاری و ژنان و لاوان و پەروەردەو فێرکردن، فەرهەنگ و ... لە لایەك شاهیدی بزوتنەوەیەکی فراوانی دیمکراتی بوین، کەلایەن ئەحزابی سوشیال–دیمکرات ولیبرالەکانی ڕوٚژئاواو ئەمەریکاو هەندیٚ وولاتی ئاسیای بوون، لەلایەکی تریشەوە، شاهیدی بزوتنەوە ناسیونالست – ریفروٚمیست و ناسیونالستەکان بوین، کە لە لایەن یەکێتی سوفیەت و هاوپەیمانانییەوە پیادەکرا لە ژێر ناوی " کوٚموٚنیزم" دا، کە دەسەلاتداران و هیزە کوٚمەلایەتییە گەورەکانی ڕوٚژئاوا کردبویان بە ڕوپوٚشی هێرشێکی صەلیبی بوٚسەر وولاتانی بەرانبەریان، یان بلوٚکی بەرانبەریان، دەلٚیم ڕوٚپوش، چونکە بوٚ دەسەلاتداران و بیریارانی ڕاست ڕەو و ڕەسمی ڕوٚژئاوا هەر زوو ڕوٚشن بوو، ئەوەی کە لە یەکێتی سوفیەت دەگوزەریٚ دژی " سەرمایە" یە، واتە دژی کتیبەکەی مارکسە " بە قەولی لوٚکاش" لە خوٚوە نەبوە کە ترومان سەروٚکی ئەمەریکا خاوەنی بیری بەرپاکردنی جەنگی سارد، مەدح و سەنای ستالینی کردوەو وتویەتی " مردنی مەئساتێکی راستییە" هەروەها " دەتوانریٚ مامەلە لەگەل ستالین دا بکرێت، کاتێك کە وولاتەیەکگرتوەکان لە ٨٥٪ی ئەوەی دەیەویٚ دەتوانێت پیادەی بکات"( نعوم تشومسکی/ هێزەکان و ئاسوٚکان/ لاپەرە ٢١–زمانی عەرەبی) لەم بارەوە تشرشلی کە لەهەمان سەردەمی ترومان دا سەرەك وەزیرانی بەریتانیا بوو کەمتر مەدح و سەنای نەکردوە( هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە سەرنج بدە) شایانی باسە کە تشوٚمسکی خوٚیٚ وەك لیبرالٚ کلاسیکێك، دەناسێنیٚ. ئەو دەورانە و بەتایبەت لە دوای کوٚتایی هاتنی سەردەمی بزوتنەوە رزگاریبەخشەکانی وولاتانی داگیرکراوەو، ئیتر ئێمە بە تەواوی لە جیهانیکدا دەژین کە سەرمایەو سەرمایەداری دەسەلاتدارێتی خوٚی وەك نیزامێکی کوٚمەلایەتی بە سەر تەواوی جیهاندا پەخش و جێگیرکردوە، بەلام بەدوو شێوەی جیاواز، ناکوٚکی ئەوسەردەمانەی نێوان ئەو دوو بلوٚکە ناکوٚکییەکی ڕوپوٚشی بوو بوٚ هەردوولا لایەنی پوزیتف و گرینگی خوٚیٚ هەبوو، سەرمایەو سەرمایەرداری بیٚ دوژمن ناژی، بوٚ هەریەکەیان ئەوکات وە بەرانبەر بەیەك وەك دوژمن یەکتریان دەناساند لە ئاستی بیروڕای گشتی جیهانی دا، لە لایەك " استعمار" " ئیمپریالیزم" لە لایەکی تر " کومونیزم" " استبداد" بوو . بەلام ئیستا دنیا گوٚراوە، دەسەلاتدارانی ڕوّژئاواو کومپانیا نیونەتەوەیی و فرەنەتەوەیەکان توشی کوٚسپی گەورە بون لە پیشەسازی " دوژمن داتاشین " دا، ئەمە کوٚسپیکی گەورەی بەردەم نیزامی نوٚی جیهانییە لە ڕوانگەی بوشەوە بێت یان ڕوانگەی ئەوروپای یەلگرتوو، یان هەر جەمسەرو ڕوانگەیەکی تری بورجوزای، جاریك " ئیسلام " دەکرێت بە دوژمن و ماوەیەکی تر " صدام حسین" و جاریکی تر " ملیوسوڤیج" و ئیستا سەرەی " بن لادن و قاعیدە" یە بەلام بو خوٚیان و بوٚ هەموو کەسێك کە ئەلف وبیٚیٚ سیاسەت تیٚ بگات، دەزانێت کە ئەمە گەمەیەکە بو بردنە پێشەوەی یان بەڕێوەبردنی بوحرانەکانیان، بوحرانێکی هەمەگیری ئایدولوٚژی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و.... کەواتە جیهانگیری ئیستا لە لایەن پیادەکەرانییەوە چییە؟ من باسی ئەوە ناکەم کە من یان بەریزان بەختیار علی، وریا قانع و سمیر امین و محمود امین العالم و بزوتنەوە نارەزایەتییەکانی دژی گلوبالیزەیشن ..... هەریەکەمان بە ڕوانگەی جیاوازی خوٚمانەوە

چیمان دەویَ لە جیهانگیری کام جیهانگیرییەمان دەویَ ؟ ئەوەیان باسێکی ترە و لەم بارەشەوە هەر نوسەرێك دەتوانێت قەلەمی خۆی وەگەر بخات و بیرو ڕای خۆی بەیان بكات. باسی جیهانگیری ( هەروەك نوسەریش لە باسەکانی‌دا ڕۆشنە باسی جیهانگیرییەك دەكات كە ئیستا بەڕێوەدەچێت) ڕاستەخۆ باسە لە جیهانگیرییەك كە هەر ئیستا وەك ئەختەبوت پەل دەهاوێت و پەلی هاویشتوە بو هەموو جێگایەك، لەسەر دەستی هێزە جیهانییەکان و دەسەلاتە جیهانییەکان و کومپانیا جیهانییەکان و ریکخراوە جیهانییەکانی وەکو ریکخراوەکانی بانکی جیهانی، صندوقی پولی نیونەتەوەیی، ریکخراوی بازرگانی جیهانی و گی ٧ و... و دەسەلاتدارانی ڕۆژئاواو ڕۆشنبیرو بیریارەکانیان، باس دەکەم. ئەم باسە ئیتر باسی واقعیەتی ژیانی هاوچەرخی ئێمەیە و بەخوین و ئێسکەوە لەگەڵیدا دەژین. "جیهانگیری" وەك ناوەکەی ناویکی خۆشە، شۆروشەوق دەهێنێت، کاریگەری دەکاتە سەر زەین بەشێوەیەکی ئیجابی، بەلام ناوەرۆکەکەی تا ئیستا بەبڕوای من هەمان ناوەڕوکی " ئیمپریالیزم" و هەمان پەیامی پی‌یە بۆ ئینسانی ئەمرۆ، شتیك نەگۆڕاوە جگە لەوەی کە" دوژمنێك !" لە زەوی دراوە، کە جەنگی سارد ( کە خویَ گەرم ) بوو ، بوە بە مەنجەنیق. ئەمجارە جیهانگیری دەیەویَ ئەوشێوەیەی خۆی لەسەرمایەداری " بازاری ئازاد" کە بوونی‌ی بلۆکی سوڤێتی ڕیگر بوو لەبەردەم جیهانی بونی‌دا پیادەی بكات، شێوەیەك بەلام ئەویش لەسەرەتای سالانی هەشتاکانەوە ئالۆگوڕیگی گەورەی بەسەر هاتوە، ریگانیزم و تاتشەریزم ئەو دوو سەرکردە ناسراوە جیهانیانەی سەرمایەداری و دەسەلاتەکەی ، ئالۆگوریکی گەورەیان بەسەرداهێنا، شێوەیەك کە سەرمایەداری جەنگی سارد و تاکو سەرەتای هەشتاکان لەلایەك بەهوَیَ بونی بزوتنەوەیەکی ناڕەزایەتی کرێکاران، جەماوەری‌و لاوان و قوتابیان سالّی (١٩٦٨) و هەروەها بونی بلوکی بەرانبەر و ئیدعای بلۆکی ڕۆژئاوا بۆ " ئازادی" و دەولەتی خۆگوزەران" ڕیگربون لەبەردەم پیادەکردنیدا، ئەمرۆ ئیتر هەموو دەستکەوتەکانی کریکاران وخەلکی ئازادیخواز کە بەدریژایی زیاتر لە دووسەدە لەسەردەمی شۆرشی فەرەنسی‌یەوە و دواتر بەهوَیَ شۆرشەکانی کومۆن و ئوکتوبەر و المانیاو..... کوڕو تینیکی جیهانی و مەزن تریان پەیداکرد، قەرارە ئەم ئەختەبوتەجیهانی‌یە وەریان بگرێتەوەو زەوتیان بكات، ڕۆژ بەڕۆژ ئیمە شاهیدی هێرشی گەورەین بوسەر کری‌ی کریکاران وفەرمانبەران، سەندیکاو یەکێتی‌یە کریکاری‌یەکان، ڕیکخراوە ئینسان دوست و ئازادیخوازەکان، بێکارکردنی فەرمانیەران وکریکاران و مافە سیاسی و مەدەنی‌یەکان، مافەکانی تاك لە کۆمەلدا، مافەکانی مندالان و ژنان، پیدانی جیگاو ریگایەکی بانتر بە دین و....

سەرمایەداری ئەمڕۆ ئیتر نەك مژدەی پی‌نی‌یە بو ئینسان بەڵکو، تیرور و تیوررزمی کردوتە دیاردەیەکی جیهانگیر، جیهانگیری ئەمروَ مۆدێلی لیبرالیزمی نوی‌یە بۆ جیهان گرتن بۆ بەڕیوەبردنی دەسەلاتی ئابوری و سیاسی، بۆ میدیاو ڕوشنبیری و بۆ هۆلیود و بو قوتابخانە هونەری و.... بەکان، بەلام ئەم کارە ئیتر کاری بیر یارەکان ونوسەرەکان نی‌یە، کاری هینگنینتۆن و فوکۆیاماو،ملیتون فریدمان ( ڕاوێژکاری ریگان و خاوەنی تیوری مۆنیتاریزم **Monetarism** ) فریدریش فۆن هایك ( ڕاوێژکاری تاتشر)... نی‌یە، کاری دەسەلاتداران و سیاسەتمەدارانە، کاری هیزە کۆمەلایەتی‌یە مەزنەکانە، کە بەرژەوەندی چینایەتی بورژوازی تا ئەوپەری زیاترکردنی کەلەبونی سەرمایەو قازانج لە بەرنامەکانیاندا دەنەخشێنن و بەمەش گرەوی، هەلبژاردنەکان دەبەنەوە، لەئیستادا ئەمە پێوانەی دەرچونە لە هەلبژاردنەکانی ڕۆژئاواو و بەتایبەت ئەمەریکادا. ئەم کارە وە ئەم پروسێسە و جیَ بەجیَ کردنی بەرنامەی لیبراڵیزمی نویَ لەسەردەستی تاتشر و ریگاندا دەستیپێکردو و هێرشێکی گەورەی کردە سەر تەواوی دەستکەوتەکانی دوسەدە زیاتری خەڵکی ڕۆژئاواو ئەمەریکاو کە بە ناڕازەیەتی و بەخوێن ، بە خۆپیشاندان و مانگرتن و چنگە کڕکیَ بە دەستیان هینابوو، نمونەی مانگرتنی مەعدەنچیانی بەریتانیا بەدریژایی سالانی هەشتاکان و مامەڵەی تاتشر لە بەرانبەری‌دا نمونەیەکی بەرچاو و زیندوە. ئەمڕۆ هێرشی جیهانگیری دەیەویَ مۆدیلی خۆی لە سەرمایەداری جیهانی بكات بە قەولی فوکویاما " کوتایی میژوە" دەبێت ئیتر ئینسانی ئازادیخوازو پیشکەوتوخواز، چینی کرێکارو خەڵکانی ناڕأزی، ناڕەزایەتی

خۆیان زینده بەچاڵ بکەن چونکە " لیبرالیزمە تازەکەیان پیشکەوتوترین سیستەمە کە تا ئیستا ئینسان پیٚی گەیشتوە" !!.

بویە کاتێك سەرنج دەدەینە سەر جیهانگیری‌یەك کە ئێستا دەچەرخیٚ "بەها ئەخلاقییەکان" یان " مانا ئەخلاقییەکان"ی هەر مانا کۆنەکانی هەمان سستەم و هەمان دەسەلاتە، ئەمڕۆ بەناچار و تازە چاریان نەماوە بیٚ پەردەتر، ریسواتر، زەرەرمەندتر، ناشیرینترن، جیهانگیری‌یەك کە تائێستا بەڕێوە چوە " بەداخەوە" بە هۆی لە مەیداندار نەبونی بزوتنەوەی کریکاری لە ئاستی جیهانی‌دا، جگە لە بۆگەن، فەساد ، جەنگ، تیرۆر، پێوانەی دژی ئینسانی و و جیاواز لە بەرانبەر کێشە ناوچەیی و جیهانی‌یەکاندا و بەپیٚی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی ئەمەریکا بەڕێوەچوە!!. باسەکەی بوش " لەگەڵمدا بیت یان دوژمنیت " بە هیچ شێوەیەك تازەنی‌یە و جێگای سەرسوڕمان نی‌یە ، ئەوە مەنتیقی هەموو ئەو سستەمە جیهانی‌یە کە جگە لە قازانج پەرستی هیچ پێوانەیەکی تری نی‌یە، بۆیە بو کەسێك کە ئاگاداری مێژوی سستەمی سەرمایەداری و پرایتك و سیاسەتی دەسەلاتدارانی بێت، ئەم وتەیەی بۆش جیگای سەرسوڕمان نی‌یە، ئەوەی بۆشی کوڕ وتی زیاتر نی‌یە ، یان بۆگەنتر نی‌یە لەوەی باوکی وتی لە دوای جەنگی کەنداو " ئەوەی ئەمانەوێت دەبێت ببێت" ئەمە بۆگەنتر نی‌یە لەوەی لەوەی روزفلت لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ووتی " چارەنوسی ئیمە بە ئەمەریکا کردنی جیهانە" هەموو ئەمانەش لە ئیستراتیژی‌یەکانی یان مەبدەئەکانی مونرۆ " پینجەم سەرۆکی ئەمەریکا" و ئیزنهاورو.. بوگەنترنین، یەك مەنتیق موتیڤی هەموو ئەمانەیە، ئەویش "بەرزراگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی ئەمەریکا" یە، واتا بەرزڕاگرتنی سەرمایەی ئەمەریکا لە بەرانبەر بلوك و جەمسەرە زلهێزەکانی تردا، لە بەرانبەر ئەوروپاو یابان و یان یەکێتی سوڤێی کوندا، تەنها یەك مەسەلە جیاوازی هەیە لە نیوان ئەو وتانەدا هەیە ، ئەویش هەلومەرجی مێژویی ئەوکاتانەیە کە ئەو باسانەی تێدا کراوە، لە ڕووی هاوسەنگی هێزی نێوان وولاتانی زلهێز، هاوسەنگی هێزی گشت چینی بورژوازی لە بەرانبەر گشت چینی کریکاردا، لەوە بترازیٚ، جگە لە بۆگەناو لەو وتانەدا یان لەو مەبدەئانەدا کە پڕاوپڕ دژی ئینسانین، وە تەنانەت دژی دیمکراتین، شتێکی تری لیٚ چاوەڕوان ناکرێت. بۆیە هیچ کلاوڕۆژنەیەك لە جیهانگیری دا نەبوە لە ڕوانگەی جیهانگیری‌یەك کە ئیمە شاهیدین لەگەڵی‌دا، من لەم باسانەدا حەقی نوسەران و ڕۆشنبیرانم نی‌یە کە لە زەینی خۆیاندا چی‌یان دەوێت، ئەمە ئەگەر نوسەرێك بە شێوەیەکی ڕۆشن وە بەشێوەیەکی زانستی، نیشانی دابێت چۆن دەکرێت ، ئیمەش جیهانگیری‌یەکی ئینسانی پیادە بکەین لەسەر پایەی کام هیزو بزوتنەوەیە بەدوای جیهانێکی یەکسان و ئازاد دا خەبات بکەین. دەکرێت بە شێوەیەکی ڕۆشن بە ها یان مانا ئەخلاقییەکانی جیهانگیری ڕاستەوخۆ لە لایەن خاوەن کومپانیا جیهانی‌یەکانەوە دەربکێشین، کە باس لە ٢٠٪ و ٨٠٪ و زاراوەی تیتیتێینمێنت **Tittytainment** دەکەن و مەبەستیان ئەوەیە کە لەسەدەی داهاتودا واتە سەدەی بیست ویەك ٢٠٪ ی بەقەولی ئەوان " دانیشتوانی کار" بەسە بو پاراستنی چالاکی ئابوری جیهانی ئەوی دەمێنێتەوە واتە ٨٠٪ ئیتر زیادەیە و لە دەرەوەی ڕەوەندی چالاکی دایە و بە قەولی زلهێزی بازرگانی ئەمەریکی واشنتن سیسیب ئەو زیادەیە لە حاڵی بیکاری دا دەژین و ڕوبەڕوی کوسپی گەورە دەبنەوە. بەلام ئەوە زمانی پراگماتیستەکانی سەرمایەیە کە بیٚ شەرم قسە و وبوچونی خۆیان ڕادەگەیەین بۆ ئایندە، ئەم بەها و مانا ئینسانی‌یەی جیهانگیری !! لە ڕۆشنکردنەوەی هەر ئەوباسەدا لەلایەن بریجنسکی‌یەوە کە پیشتر ( ڕاویژکاری جیمی کارتر بو بۆ ئاسایشی نەتەوەیی) زیاتر ڕۆشن دەبێتەوە، ئەو دەڵێت " تیتیتێینمێنت بە تێکەڵێك لە سەرگەرمی گێژکەر و خواردنی پێویست ( دڵوپ دڵوپ شیر) دەتوانرێت زەینی خەڵکی داڕوخراوی سەرگۆی زەوی ئارام بکرێتەوە" ( فخ العمولمە بیتر مارتن و هارالد شومان / عالم المعرفە ژمارە ٢٣٨ لا ، ٢٧/ قەوسەکە هی‌منە)یان بەپیٚی قسەی بەڕێوەبەری کومپانیای سکۆت مك نیلی " یان دەبێت بیخۆییت یان دەخورێیت"... لەم بارەوە نمونە هەزارەهایە، بەهەرحال ئەگەر ئەمە زمانێکی ئابوری بێت بو ناساندنی جیهانگیری، بەلام زمانە سیاسی و شوینەوارە کومەلایەتی‌یەکەی زۆر لەمەش خەتەرناکتر خۆی نیشان داوەو لەم بارەوە تەنها ئاماژە کردن بە نمونەکان خۆی هەموو شتێك ڕۆشن دەکاتەوە، لە ١١ساڵی ڕابوردودا

سەرنجی هەلو مەرجی ڕأوندا، صومالٚ، عێراق و ئابلوقەی ئابوری، کۆسۆڤۆ، هەرزگۆڤینیا، جەزائیر، تەیموری ڕۆژهەلات، ئیستای ئەفغانستان.... بدەین زۆر بەڕۆشنی جیهانگیری و ئومید هیواکەیمان بۆ دەردەکەوێت، کە بەتەواوی و تا سەر ئیسقان کونەپەرست و دژی ئینسانی‌یە، کە تا ئیستا لە ئاستی ناکۆکی نێوان زلهێزانی جیهاندا، ڕاستەوخۆ بەدەست ئەمەریکاوە دەچەرخیٚ و لەم نێوەدا ئەوروپا بەتایبەت لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە زیاتر دەوری کوێخای لادێکانی کوردستانی بینوە بۆ ئاغاکەی، هەر کلٚکایەتی کردوە بە کەمێك ڕووی سپیەوە لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا، یابانیش لە دوای هێروشیماوە بەتەواوی ئالٚای سپی بو ئەمەریکا هەلکردوە، باسێکی نی‌یە بۆ وتن، لەمەیدانی سیاسی دا لەم بارەوە قزمێکی بی ٚدەسەلاتە، مەگەر ئەمەریکا پارەو پولی جەنگەکانی پیٚبدات، لە جەنگی کەنداوەوە بگرە تاکو ئیستای ئەفغانستان. بۆیە جیهانگیری‌یەك کە دەچەرخێت، جیهانگیری جەنگ و تیرۆر و کۆمەلٚکوژی، زەوتکردنی مافە مەدەنی و کومەلایەتی و سیاسی‌یەکان، دانی گورتینێکی زیاتر بە ئاین، بیکارکردنی میلیونی، "لەماوەی سالٚانی ١٩٨٩-١٩٩٥ دا ٤٣ مليوٚن هاوولاتی کارەکانیان لەدەست داوە لە ئاستی جیهانی‌دا، ئەگەرچی هەندێکیان کاریان دەست کەوتۆتەوە بەلام بە هەلومەرج کارێکی سەختتر و کریٚ یەکی کەمتر ."( فخ العولمە ).

بەلام ئەمە لایەنێکی مەسەلەکەیە، جیهان وە چارەنوسی ٦ ملیار ئینسان تەنها بە توانا وهێزی کرۆزو پاتریۆتەکانی ئەمەریکاو دەسەلاتدارانی ڕۆژئاواوە نەبەستراوە، چارەنوسی ئینسان تەنها بە ملٚهوری دیکتاتۆرە دەست لەخوێن هەلکشاوەکانی وەك " صدام حسن" و " سورهاتو" و " ملك فهد " و " شارون " و... نەبەستراوەتەوە، بەربەریەت چارەنوسێکی حەتمی و ئەزەلی نی‌یە بۆ ئینسان، بەلٚکو ڕیگای رزگار بونی هەیە، ڕیگا هەیە بۆ رزگار بونی ئینسان لە دەست نالٚەو ئاخ و داخەکانی ، بیٚنانی و ئاوارەیی و بیکاری و کرێی کەم، بیٚمافی، جەنگ و... ڕیگاکەی ئالٚوگوڕێکی ڕیشەیی و بناغەیی لە ژیانی هاوچەرخی ئەمرومانداا، ئالٚوگورێك کە ڕووی لە دامەزراندنی جیهانێکی ئینسانی بیٚ زولٚم بیٚ چەوسانەوە بێت، جیهانێك کە هەموو یەکسان و ئازادبین بەلام ئەم جیهانە کاری دەویٚ، پراتیکی ئالٚوگۆڕ بەخشی شورشگێرانەی پێویستە، گۆرینی جیهان لە ڕیگای " سستەمی فرەکلتوری " و " دیالوگ" و " پربو پاگەندە" و .. مەیسەر نابێت ، ئەمە مێژوو نیشانی ئێمەی داوە وە فێری کردوین، هەر ئیستا بە بەرچاوی هەموومانەوە قەتل و عام بەرێخراوە، ملیونەها ئینسان ئاوارەو دەربەدەر کراوە لە ژێر ناوی لێدان لە " تیروریزم" لە لایەن تیروریزمی ئەصلی‌یەوە، ئەم جەنگە جەنگی کەلتور و ڕۆشنبیرە جیاوازەکان و شارستانی‌یە جیاوازەکان نی‌یە، هەرگیزیش لە میژودا، مۆتیڤی شارستانی و کلتوری و ڕۆشنبیری مۆتیڤی ئەصلی نەبوە لە جەنگەکاندا و نا شبێت، ئەوەی ١١ی سیبتمبەری گۆری بۆ گەورەترین کێشەی جیهانی سەردەمی ئیمە، تۆلٚە سەندنەوە نەبوو لە گیانی ٦٠٠٠ ئەمەریکی کە بە قەولی وریا قانع " لە ٣٧ نەتەوەبون"، ئەم جەنگەو هەراو هوریا و پەیمان سازی‌یە بۆ جێگیرکردنی کولتورو شارستانی و بەها دیمکراتیەکانی ڕۆژئاوانەبوو هەروەك هەردوو نوسەریشن باوەڕیان وایە، بەلٚکو ڕاستەخۆ و بردنەپیشەوەی سستەمی نۆی جیهانی ئەمەریکا بوو، بۆ ئەوەبوو کە ئەمەریکا بو ماوەیەکی تریش ڕۆلٚی ڕابەری خۆی بپاریزیٚ کە پێش ئەم کارەساتە، زەربەیەکی گەورەی لێکەوتبوو، لە ئاستی جیهانی‌دا و لە بەرانبەر کێشە گەرمەکانی جیهانی ئەمڕودا، لەبەرانبەر هەلو مەرجی عێراق و ئابلٚوقەی ئابوری‌دا، کیشەی عەرەب –ئیسڕائیل، پەیمانی کیۆتۆ بۆ شوێنەوار، کە لە لایەن ئەوروپای یەکگرتوو فشاری لەسەر بوو، لەلایەن روسیاو وولٚاتانی عەرەبی فشاری لەسەر بوو، لەلایەن گروپ و کومەلٚەو ڕیکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە فشاری لەسەر بوو. ئەم ١١ی سێپتمبەرە فریشتە بوو بۆ دەسەلاتدارانی ئەمەریکا بۆئەوەی کە بتوانن کەموکوڕی‌یەکانی سستەمەکەیان پڕبکەنەوە، بۆئەوەی ئەوە تەواو بکەن کە ماوەو تا ئیستا دەستیان نەگەیشتۆتیٚ، ئەگەر ڕوژهەلاتی ناوەراست بۆ ئیزینهاوەر " ناوچەیەکی زیندوەو ناکریٚ دەستی لیٚ بەربدرێت"، ئەوا بۆ بۆشی کوڕو کوندالیزا رایسی ڕأوێژکاری و ئەختەبوتەکانی سەرمایە لە ئەمەریکا و ئەوروپادا، ناوچەی ناوەراستی ئاسیاو حەوزی قەزوین ئەو ناوچە زیندوەیە، کە گەورەترین چالٚە نەوتەکانی جیهانی تیا حەشاردراوە، کە بڕیارە ئەفغانستان بۆئەوە وولاتێکی

جێگیر و ئارام بێت کە بۆرییە نەوتەکانی ئەو چاڵە نەوتیانەی پێدا بڕوات کە ساڵانە باجەکەی بۆ حکومەتی ئەفغانستانی تازە ٢ملیار دولارە ، بەجیا لەوەی بۆ وولاتی دەوری حەوزی قەزوین، ٢٠٠ ملیار دولار قازانجی دەبێت، هەر ئیستا بریتش پەترۆلیۆم، کونتراکتێکی ئیمزا کردوە لەگەڵ ئۆزبکستاندا بە ١٢ ملیار دولار بۆ گەڕان و هەڵکەندنی چاڵەکان، هەڵبژاردنی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان لە بەرئەوەنەبوو کە بن لادن لەوێیە، بۆ ئەوەبوو، کە چاڵە نەوتەکانی لێیە، بن لادن لە ئەفغانستان نەبوایە، بەدورم دەزانی توشی ئەم هەرایە بوایە، تەنانەت ئەگەر سەد دەردەسەد ڕۆشن بوایە ئەو تاوانبارە بەرانبەر بە ڕوداوەکانی ١١ی سیپتمبەر، ئەم مەسەلەیە بۆ ئەمەریکاو و ڕۆژئاوا، مانای داکوتینی ئاخرین بزمارەکانیانە لە جەستەی نفوز و دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیتی پێشوو وە روسیای ئێستا، ئەم ناوچەیە لە ڕووی مێژوییەوە ناوچەیەك بوو، گران بوو بۆ ئەمەریکا و بۆ رروژئاوا کە بە ئاسانی بیگەنێ، ئەوا ئۆزبیکستان ٧ملیار دولار وەردەگرێت تەنها بۆئەوەی جیگای هێزەکانی ئەمەریکا بکاتەوە بەشێوەیەکی هەمیشەیی وەك بنکەیەك بەکاریبهێنن، بن لادن ئەو دیارییە گەورەیەی پێشکەش ئەمەریکا کردوە هەرگیز بیری ناچێتەوە، ئەم مەسەلەیە لە لایەکی ترەوە، ڕوانگەی ئیستراتیژی ئەمەریکا بو ڕۆژهەلاتی ناوەراست زوو یان درەنگ دەگۆڕێ، ئەگەر لەکوردستان مەسەلەیەك هەیە سودی لێوەربگیرێت، لەم هەلو مەرجەی ئیستای جیهان دا یان لەم " جیهانگیری" یەدا ئەوەیە، کە خەڵکی کوردستان لەهەوڵی پێکهێنانی کیانی خۆیاندا بن، لە هەوڵی پێکهێنانی دەولەتی خۆیاندا بن، دەولەتێك کە لایەنی کەم بتوانێت جیایی دین لە دەولەت ، مافە مەدەنی و کۆمەلایەتی و سیاسییەکان و بۆ خەڵکی کوردستان زامن ومسوگەر بکات، من پێم وابێت ئەم کارە کارێکی ممکن و قابیلی پیادە کردنە بەلام هێزی خۆی دەوێ، دابین کردن و زامن کردنی مافە سیاسی و مەدەنییە کانی خەڵکی کوردستان بە ئامۆژگاری کردنی دەسەلاتداران ناکرێت، بەڵکو ڕاستەخۆ کاری ڕاستەوخۆی خەڵکی کوردستانە بەدەوری دروشمی ڕوشن و داواکاریو ئامانجی ڕۆشنی سیاسیدا. بەرئەنجامی ئەم جەنگە، یان ئاکامی ئەم جەنگەن لێ تێگەیشتنەکان دورناخاتەوە لە یەکتری ، شارستانیەکان دورناخاتەوە لە یەکتر، هەرگیز شارستانی یان کلتورە جیاوازەکان خۆیان لەخۆوە لە ئەزەلەوە دور و نزیك نەبون، هەمیشە کاری هیزە سیاسییە کۆمەلایەتیو زەبەلاحەکان بوە کە کاریگەری گەورەی کردوٚتە سەر " خۆرهەلات" بون " خۆرئاوابون"، هەردوکیان کە وەك دوو شارستانی باسی لێدەکرێت دروستکراوی هیزی واقیعی و گەورەی جیهانن، لەسەردەمی کۆنی مێژوەوە تا ئیستا واهاتوە، گرینگ پەیداکردن و دروست کردنی شارستانییەکی ئینسانییە کە مل نەدا بە نەتەوە، بە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات، باکور و باشور، دەورانی ڕۆشن گەری کە هەردوو نوسەر باسی زۆری لێدەکەن دەورانی ئازادکردنی عەقل بوو لە ئاسمان دەورانی دابڕانێکی مێژویی گەورەبوو لە سستەمی ڕابوردوو لە دەوری ڕابوردوو، بەلام پڕۆژەی ئەوان ڕاستەخۆ پڕۆژیەك بوو پەیوەندی هەبوو بە هێزی شۆڕشگێری ئەو سەردەمەوە " بورژوازی"، ئازادکردنی عەقل بەلام بەپڕۆژەی رزگاری ئینسانەوە لەسستەمی کۆن، پڕوژەی ئەوان هەڵگری مانایەکی ئینسان دوستی هەبوو، لای ئەوان ئینسان دەوری سەرەکی هەبوو نەك کلتورە جیاوازەکان شارستانییە جیاوازەکان، ئەگەر کەسانێك تا ئیستا باوەریان بە هەستانەوەو ڕۆشنگەرییەکی ترهەیە، ئەوا پێویستە، ڕوبکاتە هیزێك کە تواناى جێ بەجێ کردنی ڕۆشن گەرییەکی تری هەیە، مودرینیتەیەك ئەمڕۆ کە من و بەخیتارعلی ورياوو هەزارەها ئینسانی تر داوی دەکەین لەکوردستان (سەڕەرای جیاوزی لێتیٚگەیشتنمان لێی، یان ممکنە وانەبێت) بەکاری ڕوشنگەری ناکرێت، بە دیالوگ جێبەجێ نابێت( ئەوانەش پێویستن) هەروەك چۆن دواکەوتویی، کلتوری پیاو سالاری، لێدان لە ژن، لێدان لە منداڵ، تیکەلأوکردنی دین لەگەڵ پەروەردەو خوێندن، تیرۆر، پیشێلکردنی مافی سیاسی و ئابوری و مەدەنی و مافی تاك لەکۆمەڵدا، بەهۆی پلیمك و دیالۆگەوە، نەسەپاوە، بەڵکو ڕاستەخۆ پراتیك و کاری هێزی کۆمەلایەتی دیاریکراوە، بەهەمان شێوەش دژەکەشی واتە مۆدرێنیتە پێویستی بەهێزی خۆی هەیە، من زۆرم خوشحال دەبوم لە کۆمەلگایەکی جیهانی یان لۆکەلی دا بژیاینایە کە بمان توانیایە لە ڕێگەی دایەلوگ و پلیمك و لێکولینەوەو ڕۆشنگەرییەوە جیهانمان بگۆڕیایە و بگەیشتینایە بە مۆدرێنیتە لە ولاتانی ڕوژهەلات بەڵام ئەو جیهانە یوتۆپیایە، چونکە جیهانێك بە پلیمك و

گفتوگۆ دەگۆردرێت کە خۆی ئازاد بێت، کە ترسی تیرۆرو جەنگ مان نەبێت، کە ژن کوشتن نەبوبێتە مودێل، کە ڕۆژنامەکان لە ترسا وتارو بیرورا رەفەز نەکەنەوە و ڕێگای بلاوکردنەوەی لێنەگرن، کە منداڵ لە بەرئەوەی بچوك و بێ دەسەلاتە لێی نەدرێت، کە ئینسان برسی نەبێت و فریای ئەوە بکەوێت، کە بگات بە مەسائیلە فکری و ڕۆشنبیری‌بەکان، کە کاتی پیشوو حەوانەوەی پێویستی هەبێت و خەمی نانی بەیانی نەبێت، کە لە برسا منداڵەکەی نەفرۆشێ، کە چەك نەبێت بوئەوەی هەڕەشەی کەسێکی تری پێ بکەیت، چ جا بگات بە ساروخە قارە بڕەکان و بی ٥٢و کروزەکان و بومبی هێشویی و کەشتی‌یە فڕۆکە هەڵگرەکان و... ئەم جیهانە پێش ئەوەی بیری لێبکەیتەوە، کە کێشمەکێشی ئازادنەو بێ ترسی فکری و پلمیکی تیدا بکەیت، پێویستە لە پێشەوە پەیدای بکەیت، لە پیشەوە لە هەوڵی دامەزراندنی دابیت.

لەکوتاییدا ماوە بڵیم، لە مەنتیقی ئەم نوسینەدا، ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات وەکو دویەکەی بەرانبەر بەیەك بەلام لەنیوخودا هەریەکەیان لە پەیوەندی‌یەکی توند وە چون یەك و نادژ دا دەژین، وەك ئەوەی ڕۆژئاوا لە نێو خۆی‌دا کۆسپی نەبێت، وەك بەها بەرزو مافەکانی ئینسان کە لە ڕۆژئاوادا بەدەست هاتوە کاری دەسەلاتداران و حکومەت و سیاسەتمەدارانی‌یان بێت، بویە نوسەر دەگاتە ئەوەی بنوسێت" ... ئەوەی گورزی بەردەکەوێت پشتهەڵکردنی نوخبەی دەسەلاتدارانی ناتۆو ئەمەریکایە لە هەندێ نرخ و ماناو شێوازی ژیان کە لە ولاتەکانی ئێمەدا وەك ئاوات و خەون تەماشا دەکرێن" ( بەختیار علی/ هەمان سەرچاوە). پیم وابێت لە باسەکەی سەرەوەدا ئەوەڕۆشنە کە باهاکانی دەسەلاتداران وە میدیای رەسمی وە ڕۆشنبیرانی رەسمی، وە تەواوی چینی بورژوازی ڕۆژئاوا چی‌یە، بویە لیرەدا پێویست ناکات دوبارە بکرێنەوە، تەنها ئەوە دەڵیم دەسەلاتدارانی ناتۆ هیچ گورزیان بەرنەکەوتوە، چونکە هەمیشە وابون، مەنتیقی ئەوان ناگورێت مەگەر بەزۆر. بەلام ئەم باسە لە لایەکی ترەوە نەبینینی ئەو یەکیتی‌یە کە خۆی هەڵگری دژایەتی‌یەکی قوڵە، دژایەتی‌یەك، کە بناغەی تەواوی ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمەی پێوە بەستراوە، واتە ڕۆژئاوا خۆی دابەش بوە، بە دوو کلتور، دوو ڕۆشنبیری، دوو ئایدولۆجی، دوو شارستانیەت، دوو هێز، من نازانم بۆچی مافە ئینسانی‌یە بەدەست هاتوەکان، لە مافە سیاسی‌یەکان ، ئابوری‌یەکان، کۆمەلایەتی‌یەکان، مافەکانی ژنان، مندالان، و.... هەموو ئەمانە بە مێژوی تەواوی ڕۆژئاوا بنوسرێت یان بلکینرێت بە دەسلاتدارانی ناتۆوە، واتە ڕۆژئاوا وەك یەکەیەکی یەکگرتوو، بە تایبەت کە ڕۆشنە تەواوی مافەکان لە خودی ڕوژئاوادا بە زۆر بە ناکۆکی کیشمەکیشی سیاسی و هەندێ جار خوێناوی سەپاوە بەسەر دەسەلاتداراندا، مافی هەلبژاردنی گشتی، لە پێشدا تەنها تایبەت بوە بە لۆردەکان وخاوەن موڵکەکان، لەبەرانبەر ئەمەدا ئیمە شاهیدی خەباتێکی بێوچان ودورو دریژی ئینسانەکانین لە پێناو بە دەستهێنانی ئەم مافە سەرەتایی‌یەدا ، مافەکانی ژنان، لە فەرەنسای ڕۆشن گەری دا لەساڵێ ١٩٣٤ دا تازە مافی هەلبژاردن دەدرێت بە ژنان، و.... دانەدانەی مافە ئینسانی‌یەکان کە بەدەست هاتوەو " ئیمە خەونی پیوە دەبینین" من یەك دانەشیان ناخەمە پاڵ ڕۆژئاوا بەگشتی، بەڵکو بە پراتیکی ئاڵوگوربەخش و شۆرشگێرانەی، ئەو هێزانەی دەزانم کە بەرژەوەندی‌یەکیان نی‌یە لە سستەمی کۆمەلایەتی مەوجود دا، چونکە هەمیشە دەسەلاتداران و پارێزەرانی سەرمایە و خاوەندارێتی تایبەتی نەك ڕیگربون لە بەردەمی ئەو ئاڵوگۆڕو مافانەدا بەڵکو بە ئاگرو ئاسن ، بە زیندان، و پولیسی مانگرتن شکێن وەلامیان داوەتەوە، هەرکاتیك ئەم بزوتنەوەیە لاوازبوبێت، ئەوا سەرمایەداران و دەسەلاتەکەیان، یەك زەڕە دوو دڵ نەبوون لە زەوت کردنەوەی، هەر ئیستا مەگەر ئێمە دەرگیر نیین لەگەڵ ئەم هەلومەرجە و ئەم هێرشەی سەرمایەداران و دەسەلاتەکەیاندا، ڕولف جولیانی سەروکی پیشووی شارەوانی نیویورك، کە تازە کارەکەی تەواو بووە، ژمارەیەکی زۆری لە کرێکارانی فریاکەوتن، دەرکرد لەسەر کارەکانیان کە خەریك بون، تەرمی ئەوانە رزگاربکەن کە لە ژێر کاولەی دوو بورجەکەی مانهاتن دا ماون، ئەوان ناڕەزایەتیان دەبڕی، وتیان تا ئیستا ئیمە هەندێ هاوڕێی خۆمان ماوە کە رزگارمان نەکردوە، بەمانایەکی تر لە بار خاتری بڕیك پارە بورژوازی ئامادەیە تەرمی ئەو ئینسانانە توڕ هەلبدات، کە بەشێك بون لە هەمان گروپی کرێکارانی فریاکەوتن بو رزگارکردنی تەرمەکان، سەرمایە و سەرمایەداری و دارودەستەکەی و ژورنالستەکەی و میدیاکەی

هیچ بەزەیی و سۆزی ئینسانی تیدانەماوە، ئەگەر بۆ دەورانێك بێتەوە بە گیانیدا، ئەوە پێویستی خودی کەڵەکەو قازانجی سەرمایە پێویستیيەتی هەروەکوو لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیيەوە دەبینین، یان بەهۆی هێزی ناڕازیەتی ملیونی کریکارانەوە کە لەمەیداندا بۆیان وەستابون، بیٚ ئەمە و ئەگەر دەسەلاتداران و خاوەن کاران بۆیان بکریت، بیٚ هیچ دودڵیيەك، لەجیاتی پارەو کریٚی مانگانە، بە کرێکاران وکارمەندان، خواردن و شوربای کەنیسەکان دەدەن.

- <u>فرە کلتوری، دژی  یەك فەرهەنگی ئینسانی یە!</u>

باسی فرەکلتوری، مۆدیلێکی کۆن نیيە لە ئەوروپادا، بەتایبەت لە مەیدانی بە پراتیك دەرکێشانیوکردنی بەبەشێك لە جەستەی کومەڵگا لە ڕۆژئاوادا و دارشتنی لە قالبی یاسایی و دەستوری دا. مۆدیلێك لە سیاسەت، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لاوازبونی ئەو بزوتنەوەیە هەیە کە خۆی داوای سستەمێکی ئینسانی دەکات، بەتایبەت ئیمە لەسەرەتای هەفتاکانەوە شاهیدی سەرهەڵدان یان هێرشێکی فکرین لە ئاستی " نوخبە" ی ڕو شنبیران دا لە ئەوروپا ، کە وەك هەر مۆدیلێکی هۆڵەکانی نیشان دانی جل و بەرگ ، جێگاکەی پاریسە. مۆدیلێك کە پشتی لە مۆدرێنیتە کردەوە– پۆست مودرێنیزم– لە ئەنجامی  پاشەکشەی دەسەلاتدارێتی ڕۆژئاوا بۆ بردنە پێشەوەی مۆدرێنیتە، نا وەفا داربون، بە پرینسیبەکانی، ئەم بزوتنەوە فکریيە و بیریارانی لە لێکدانەوەیاندا بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی مۆدرێنێتە، یان نا وەفا داربون، بە بنەماکانی دیمکراتی " دیمکراتی ڕۆژئاوا" و  " لیبرال– کلاسیك" ، نوخبەیەکی تاڕادەیەك فراوانی لە ڕۆشنبیران و بیریارانی ڕوژئاوا هێناوەتە سەر هەڵگەرانەوە لە مودرێنێتە  بەوەی کە دەوری مێژوویی بەسەرچوە و توانای جیٚبەجیٚ کردنی پەیامەکەی خۆی نەماوە، ئەم بیرکردنەوەو بۆچونە ئەوانی گەیاندۆتە ئەنتی تێزی مۆدرێنیتە کە بە پوست– مودرینێزم ناسراوە، هەندیٚ لە تێزو بوچونەکانیان لە لایەن دەسەلاتدارانەوە لەقالبی قانونی دا داڕێژراوە، وەك لە دیاردە و یاسا کانی " فرەکلتوری" دا دەبینین. بەلام یەکێك لە ناڕۆشنی و کۆسپەکان، ئەوەیە  کە لەباری ڕەئی گشتی خەڵکەوە وایٚتە پێش چاو کە مافە ئینسانیيەکان لە مەیدانی ژیانی هاولاٚتیاندا، کاری ئەم بزوتنەوانە بوبێت( دیمکراتی ڕۆژئاوا" یان بەرنامە و خواستی شاراوەو وئاشکرای ئەم بزوتنەوەو هێزو دەسەلاتەکانیان بوبێت بەلام ئەوەی ئەمڕۆ بەڕۆشنی دەچێتە زەینی هەموو ئینسانێکەوە، ئەوەیە کە خودی ئەو ماف و بەها ئەخلاقی و کۆمەلایەتیيانەی ڕۆژئاوا پیٚی دەناسرێتەوە " ئێمە خەونی پێوە دەبینین لە وولاتانی خۆماندا" کاری بزوتنەوە هێزیکی تەواو جیاواز بوە لە هێزە دیمکراتیکەکان، سەرنج بدەینە دیمکراتەکانی ئەمەریکا و یاسا و دەسەڵاتیان بەرانبەر ڕەش پێستەکان، مافەکانیان، لە مافی هەڵبژاردنەوە بگرە تاکو مافە سەرەتاییيەکانی ئینسان، سەرنج بدەینە هێرشی ئەمڕۆی دیمکراتەکان لە بەریتانیاو ئەمەریکاو وتەنانەت وولاتانی ئەسکەندناڤیا، بۆ ئەوەی بەڕۆشنی ئەوە دەربکەوێت، کە دیمکراتیکەکان ودەسەلاتەکانیان چۆن ڕۆژانە خەریکی پێچانەوەی ئەومافانەن کە تا ئیستا لە ڕوانگەی گشتیيەوە وا سەرنج دەدرا، کە خێرو سەدەقەی ئەوان بێت، یان  پرنسیبێکی ماهەوی ئەوان بێت، بە درێژایی مێژویی وولاتی ئەمەریکا و دەسەلاتدارێتی ئەم دیمکراتە بیٚوینەیە، هەموو پرنسیب و کار و سیاسەتێکیان دژی دیمکرات بوە ( بە مانای باوی مقولەکە)، سەرنج بدەینە کارەکانیان لە نیکاراگوا، بە زۆر لابردنی ساندیستەکان لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی ڕابوردودا، کە بۆ یەکەم جار ساندیستەکان لە ڕیگای هەڵبژاردنێکی دیمکراتیکانەوە، بە شاهیدی چاودیرە بیانیيەکانیش ، هەڵبژاردنیان بردەوە بەلام لە بەرئەوەی ئەم دەسەلاتە جووت نەبوو بە تەواوی لە گەل بەهای سەرمایەو دەسەلاتدارێتی ئەمەریکادا، بۆیە دەبێت لا ببرێت( بەپیٚی مەبدەئی مونرۆ ئەمەریکای لاتینی تاپۆیە لەسەر ئەمەریکا  لەباری ناوچەکانی نفوزو دەسەلاتە و ئیمپراتوریيەتەکانی وەك بەریتانیاو هولنداو فەرەنسا بۆیان نیيە دەخالەتی تێدا بکەن) سەرنج بدەینە کارەکانیان لە تەیموری ڕۆژهەلات و سیاسەت و بەهاکانی دیمکراتیکەکانی ئەمەریکا و بەریتانیاو ئوستralیا، نمونەیەکی وەحشیگەری لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی سەرمایەدا دەبینین، خستنە ژێر پیٚی بەها دیمکراتیکەکان!!  لە بەرانبەر تەیموردا لە لایەن دیمکراتخوازەکانەوە دیاردەیەکی هێندە بەرچاوە، کە خودی

میدیای راست ڕەو ( سەربەخۆ !!)ی ئەمەریکا ناتوانێت بیپۆشێت. ئەگەر شتێك یان دیاردەیەك ڕاستەوخۆ کاری دیمکراتەکانی ڕۆژئاوا بێت، لە هەلومەرجێکدا کە ئەنتی تێزەکەی یان دژەکەی بە هێزو توانای تەواوەو، بە بەرنامەو سیاسەتی ڕوشنی خۆیەوە لە مەیداندا نی‌یە، ئەوە دامەزراندنی کۆمەلگای فرەکلتوری‌یە، دابەشکردنی ئینسان بەپی‌ی ڕەنگی پێست، نەتەوە، تایفە، ئایین، جنس ، قارەکان، باکورو باشور، قژ ڕەش و قژ زەرد، هەمیشە کاری دیمکراتەکان بوە، تەنانەت ئەو دیمکراتانەی کە زور ئینساندۆست و ئاشتی خوازیشن !! وەك دەسەلاتدارانی وولاتانی ئەسکەندناڤیا. فرەکلتوری دیاردەیەکە ڕاستەخۆ ئینسان لە زات و ناوەڕۆکی خۆی دور دەخاتەوە، بەوێنەی ئینسانێك، وە بە شوناسنامەی ئینسانی ئینسانەکان ناناسێت، بەلکو شوناسنامەی ئایینی ، نەتەوەیی و.... جۆراوجۆری بۆ دادەتاشێ، لە ژێر ناوی فەرهەنگ و کلتورە جیاوازەکاندا، دیاردەی فرەکلتوری کە ئەمرۆ یاسا و سیاسەتێکە زۆر بەوردی دەچێتە ڕێوە، ڕاستەخۆ دژی " جیهانگیری ئینسانی‌یە" ڕاستەو خۆ دژی " جیهانێك کەرامەت و ڕێزو ویستی ئینسانی تێدا پارێزراوبێت". ئەمە دژایەتی‌یەکە کە هەردوو نوسەر بە شێوی جۆروجۆر دەرگێرن لە گەلیدا، هابرماز ڕاست دەکات لێدان لە کۆمەلگای فرە کلتوری لێدانە لە لە کۆمەلگای دیمکراتی خۆی، نە لە بەرئەوەی کە ئەوە بوچونێکە ماهیەتی ئینسان دەگێڕێتەوە بۆخۆی، وەك بەرزترین و پیرۆزترین دیاردەی سروشت دەیناسێنێ، نەخیر، بەڵکوچونکە هابرماز یش لە مەیدانی فکری دا لەوە زیاتر نەڕۆیشتوە و وەك دیمکراتیکەکان بیر بکاتەوە، باسی هەڵوێستی سیاسی ئەو ناکەم. ئەگەر کەسێك پارێزگاری لە کۆمەلگای فرەکلتوری ڕوّژاوا دەکات، ناتواتنێت، پارێزگاری لە دواکەوتوترین کلتوری سەر دنیا نەکات، من نەك ناتوانم پارێزگاری لە کلتوری ( بەزۆر محەجەبە پۆشینی مندالان بکەم) بەڵکو تاکو بمێنم دژی ئەوەم وە ئەوە بە کوسپێکی گەورە دەبینم لە بەردەم تیکەڵ بونی ئینسانەکان لە سەرپایەی شارستانیەت وە فەرهەنگێکی ئینسانی. کلتورەکان، لە خۆەو لە ئەزەلەوە بو ئێمە نەهاتون، ئەو کلتورەی ئەمڕۆ خەلکی صومال یان ئێران، یان کوردستان یان بەریتانیا، وەك پرینسبێك و هەڵسو کەوتی ڕوّژانەی خۆی بە دیاردەیەکی سروشتی دەیبینێ، کاری بیٚ برانەوەی بزوتنەوەو هێزە جیاواز و ناکۆکەکانە بە درێژایی مێژوو، پارێزگاری لە فرەکلتوری یانی پارێزگاری لە کوشتنی ئەو ژن و کچە لاوانەی کە لە سوید و هۆلنداوە بە زۆر دەنریدرێنەوە بۆ کوردستان بو شوکردن، یان لە ویٚ دەکوژرێن، زور هەولٚ دراوە بەهیمەتی ژنانی یەکسانیخوازو ئازادیخواز، کەسانی پیشکەوتوخواز و ریکخراوەکانیان لە سوید دا تاکو بکوژانی "پێلا " لە دهوّك لە کاتی گەرانەوەیاندا بۆسوید دادگایی بکرێن، وە کران. ئەگەر کەسێك باوەڕی بە جیهانێکی ئازاد بێت، ئەوە مەرجی یەکەمی ئەمکارە خۆ داتەکاندنە، لە هەموو خلٚتەیەکی ئاینی، نەتەوەیی، ڕەگەزی و... کۆمەلگای فرەکلتوری بۆ ئەوەیە کە بلێت، تۆ کلتوری خۆت هەیە و وەك رەنگی پیستت هەردەمێنیٚ( کە ئەوەش ئیستا دەگوڕیٚ بە هۆی نەشتەرگەری‌یەوە) و شایستە ئەوەنیت، کە ئەو " بەهاو مان ئەخلاقی‌یانە" ی ئیمە هەڵبگریت، من دەڵیم هەموو بەها بەرزەکانی ئینسان، هەموو مافە ئینسانی‌یەکانی ڕۆژئاوا، هی هەموو ئەو ئینسانانەشە، کە باوەڕیان وایە، ئەوانە بەشیکن لیٚی، یان ئارەزویان وایە لەهەمان هەلو مەرجدا بژین، جا ئیستا لەهەر هەرکویٚ بژین. لە لایەکی ترەوە، دەورانی روٚشن گەری سەرەڕای بەرتەسك بونی بەپی‌ی واقعیەتی ئەوکات، ئاواسەرنجی ئینسانی نەداوە، بەلکو بەپێچەوانەوە، هەمیشە باسەکانیان وە هیواکانیان هەمەگیر بوە. کۆمەلگای فرەکلتوری، ڕاستەخۆ دژ وە ئەنتی تێزی مۆدرێنێتەیە، کەسێك پی‌ی وابێت کە لە ڕۆژئاوا مودرینیزم فراوانتر و گەشەکردوترە، وە سەرچاوەی ئەم ڕەوتە ئەوروپایە وە " ئێمە خەونی پێوە دەبینین لە وولاتانی خۆماندا" ئەوە لە ژێر ناوی کلتورو فرە کلتوری دا، ڕیگا دەگریٚ کە ئەو بەها و مانا ئەخلاقی‌یە ئینسانیانە وە ربگرێت، ئەگەر وا نی‌یە کۆمەلگای فرە کلتوری ئیتر مانای خۆی نامێنیت. باسی فرەکلتوری هەمان باسی " خۆرهەلات خۆرهەلاتە و خۆرئاوا خۆرئاوایە" یە و لەوە زیاتر نی‌یە، وەك ئەوەی کە ئێمە لەدایك بوین، ئیسلام بوین، کونەپەرست بوین، موحەجەبەمان لەسەردا بوە، لە ژن مان داوە، نویٚژمان کردوە، بەڕۆژوو بوین، باوەڕمان بەمافی مندالٚ و ژن نەبوە، کچ و کوڕمان قەدەغە کردوە لە تێکەلاوبون، ڕیگربون لە کەیف و خوشی‌یەکان وچون بۆ دیسکۆی ژنان و کچان، ئەمە سیاسەتێکە کە پۆلیس و

یاساکانی ڕۆژئاوا بە لێشاو دادیدەبەزێنن، سەرنج دان لە ڕۆژنامە ئینگلیزیەکانی وەك The Sun , Observer,... بەلێشاو فرمێسك و قور بەسەری ژنانی پاکستانی پێوە دەبینین، کە دەناڵێنن بە دەست کلتوری دژی ئینسانی خۆیانەوە و یاسای بەریتانیا پارێزگارییان لێ ناکات، ئەی حالی کلتوری خەتەنەکردنی ژنانی ئەفەریقی و صومالیەکان، نیجیریەکان، ژنانی وولاتانی عەرەبی، ناڵاندنیان بەم هۆیەوە، کە لەژێر ترس و هەرەشەی خێزانیاندا ناچارن لە هەلو مەرجێکی نا تەندروستی پزیشکیدا ئەم کارەیان بەسەردا بسە پێنن، پارێزگاری کردن لە کۆمەلگای فرەکلتوری پارێزگاری کردنە لە هەموو دیاردەو ئسولە ناشیرین و قێزەونەکان. من لە گەل " ئەنتگیراسیون" و " ئەسمیلاسیون" یشدا نیم، من لەگەل کومەلگایەکدام، کە هەموومان هەمان مافمان هەبێت، باسی من بانتر بونی کلتور یان شارستانیەتی ڕۆژئاوانییە، کە لە پیشتردا ڕۆشنم کردوٚتەوە کە بەها ئەخلاقییە بەرزە ئینسانییەکانی بە دەستکەوتی کێ دەزانم، بەلکو باسی من ئەوەیە شارستانییەکان تا ئیستا شارستانی ترس و هەرەشە بون، تا ئیستا شارستانی دابەشکردنی ئینسان بون، بەسەر قارەکاندا بەسەر نەتەوەکاندا بەسەر ئاییینەکاندا، کە سێك کە بیەوێ کومەلگای " نەهیشتنی توندڕەوی و لە ناوبردنی تیرۆر پێویستیان بە بینیات نانی جیهانێکی پڕ مژدەو عەدالەت و یەکسانی هەیە، جیهانێك کەرامەت و ڕێزو ویستی ئینسانی تێدا پاریزراوبێت" پێویستە لەسەری لە هەولێ بنیات نانی پرنسیبێك، بەهایەکی ئەخلاقی، فەرهەنك وکلتورێکی ئینسانی بدات، نەك خەمی زەربە لێدانی فرەکلتوری هەبێت، کە من بەڵینی دەدەمێ زەربەی بەرناکەوێ بەڵکو زیاتر بەهێز دەکرێت و بەپولی بانکی جیهانی IMF بودجەکانیشیان ڕوّژانە ئەگەر نەچێتەسەر ئەوا نایەتە خوار، چونکە ئەوە سیاسەتێکی ڕەسمی دەسەلاتداران و تەواوی ڕیکخراوە جیهانییەکانی وەك نەتەوە یەلگرتوەکان و بانکی جیهانی و سندوقی پولی جیهانی و دەسەلاتدارانی ڕۆژئاوایە، لە پێناو جیاکرنەوەی ئینسانەکان وڕێگرتن لە یەککرتوبونیان.

دیاردەی " جندالاسلام" کوردستانییە، دەسەڵاتداران بە رپرسیارن یان..!

بەلام باس لە دیاردەو سەرهەڵدانی " جندالاسلام" و گروپانی وەك ئەو، ئیتر بە تەواوی باسێکی سیاسییە، کلتور هیچ ڕۆڵیك نابینێت لێرەدا. ئەم گروپە یان هێزەکانی ئیسلامی سیاسی لە ناوچەی ڕوژهەلاتی ناوەراست، رۆژهەلاتی خوارو، باکوری ئەفەریقا، هۆی ڕۆشنی سەرهەڵدان و گەشەی خۆی هەیە، وە پێویستە لە ئاڵوگۆرە هاوچەرخەکانی سەردەمی ئیستای خۆماندا لێگ بدرینەوە، ناکرێت ئەم بزوتنەوەیە و هێزە جۆراوحۆرەکانی لە پەیوەند بە بزوتنەوە ئیسلامییەکانی دژی کولۆنیالیزم، یان سەردەمی کواکبی و محمد عبدە لێك بدرێتەوە، هەوڵ و تەقەلاکانی ئەوان بۆ " پڕۆتستانت" کردنی ئیسلام، پێویستە لە کاتی خۆیدا سەرنج بدرێت، ئەو ئالو گۆڕە سیاسی و کۆمەلایەتی و فکرییانە یانە بناسێنرێت کە ئەوکات باو بون و کاریگەری خۆیان هەبوو بەسەر ئەم ناوچانەدا. بەهەرحاڵ دیاردەی " جند الاسلام" تازە نییە، من لە لێك دانەوەی ئەو دۆستەدا خۆم بە هاوبەش دەبینم کە باسی ئەوەدەکەن "کۆمەلێك کوچبەری ئایدۆلۆژی نین" و هەلو مەرجێکی کۆمەلایەتی سیاسی کە لەکوردستاندا هەیە، کار دەکاتە سەر پیکهاتنی ئەم جۆرە گیرفانانە. بەلام ئەوە ، وە ئیکتفا کردن، بەو لایەنە لۆکەڵییە، تیگەیشتن لە دەرکەوتنی دیاردەی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسی و خودی " جند الاسلام" ناتەواو دەکات، پایەیەکی ئەصلی گەشەو بەهێز بونی ئەم هێزانە نادیار دەمێنێتەوە، ئیمە هەر لەکوردستان بوین و ساڵانی هەفتاکان بهێنینەوە یاد، زانکۆی سلێمانی و جل و بەرگی ڕۆژئاوایی مینیجوٚب و میکروٚجوٚب و شارلستون وەك پوشاکێکی خۆرئاوایی باو زاڵ بهێنینەوە یاد، من لە بیرمە لەسەرەتای ساڵانی هەفتاکاندا پێم وابێت ساڵێ ١٩٧٢ بوو کەسایەتییەکی شاری سلێمانی شکاتی کرد لای حکومەت چونکە بەیانیان بە دەنگی بڵند گوێی مزگەوت و بە بەبانگدان لە خەو هەلیدەستێنن، تا ئیستاش ئەم کەسە لە ژیاندایە، وە حکومەت شکاتەکەی قبولێ کردو مزگەوتەکەی ناچار کرد کە بەیانیان بەبێ بڵند گۆ بانگ بدات( کارمەندە کۆنەکانی ئەوقاف ئاگاداری ئەم مەسەلەیەن) ئەم نمونەیە تەنها بۆ ئەوە دەهێنمەوە، کە کۆمەلگا لە کوردستان " کۆمەلگایەکی ئیسلامی " نییە، بە ئیسلامی کراوە بەڵێ، بەلام خۆی کۆمەلگایەکە شەوق و خۆشی بە هەموو

دیاردەیەکی مۆدرێن دێت، تەماشای سەرچناری ئیستا بکەین، یان پردی دەلال لە زاخۆ یان عەینکاوا لەهەولێر، یان ڕوژانی نەوروز و چونە دەرەوەی خەلك و هەلپەرکیٚو ڕەشبەلەك ، حەماس یان بۆ موسیقای غەربی و سی دیٚی غەربی و سەتەلایت و دوکانەکانی ڤیدیوٚ بەڕوٚشنی ئەوە دەردەکەوێت، کە کۆمەلگا لە کوردستان " کۆمەلگایەکی ئیسلامی " نی‌یە. بەلاّم باسی من باسی ئیسلامی سیاسی‌یە، باسی من "گقوس" ە ئاینی‌یەکان نی‌یە، وەك خەلٚکی ئەوروپا، کە زۆربەیان ئەو تقوسانە دەپارێزن بیٚئەوەی هیچ کاریگەری یەکی دیاریکراوی هەبێت لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی، خەلکی ئەوروپا یان لوتەرین یان کاسولیکن یان پروتستانتن، یان ئاتەیستن یان ناویان نەنوسیوە لە هیچ کەنێسەیەکدا، بەلام پرسیارکردن لیٚیان کە ئاینی

تۆچی‌یە؟ زۆر گرانە بۆیان چونکە وەك مەسەلەیەکی تەواو شەخسی تەماشا دەکرێت، ئەمە بوتە فەرهەنگی خەلٚکی ئەوروپا، بەم مانایە خەلکی کوردستانیش تقوسی ئاینی خۆیان هەیە بەلام ئەمە زۆر دورە لە باسی ئیسلامی سیاسی و " جندالاسلام"ەوە. ئەو تقوسانە لە کۆمەلٚگایەکی ئازاد یان تەنانەت کراوەدا، دەکرێت لە ڕێگای پلمیك و گفتوگۆ و لێکۆلینەوەی فکری‌یەوە، کاریگەری یان بە تەوای کەم بکرێتەوە. بەلام ئیسلامی سیاسی، بزوتنەوەیەکی هاوچەرخی ئێمەیە، ڕاستەخۆ بە مەسەلەی دەسەلاتی بورژوازی‌یەوە مانا پەیدا دەکات و وەك ئەلتەرناتیڤێك بۆ دەسەلاتداریٚتی هاتوٚتە پێش، دەرکەوتنی ئەم دیاردەی ئیسلامی سیاسی‌یە ڕاستەخۆ لەشکستی هیزە ناسیونالستە عەرەبی و غەیرە عەرەبی‌یەکاندا بوە لە تەواوکردنی پرۆسەی سکولاریزمدا یان ڕاگرتنی بەنیوە ناچلٚی و شکستی دواتری ئەوان لە مۆدرێنێتە کردنەی کۆمەلگادا، کەئەوەش بەشێکی زۆری ڕاستەوخۆ بەمەسەلەی کێشەی عەرەب– ئیسڕائیلەوە گریٚیٚ خواردوە. بەهەرحال بەجیا لەوەی دەسەلاتدارانی کوردستان ، بەهەمان شێوەی ناسیونالیزمی عەرەب لە ئەمری مۆدرێنێتەدا بەبن بەست گەیشتون، تەنانەت بە پێچەوانەی بەرنامەکانی خۆیانەوە حەرەکەت دەکەن، بەجیا لەمە کە بەشێوەی جیاواز هەردوو نوسەر هاتونەتە سەری، مەسەلەی هەلٚدان وگەشەی ئەم بزوتنەوانە و لەوانە " جندالاسلام" ڕاستەخۆ پەیوەندی هەیە بە کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە، بیٚ کۆماری ئیسلامی ئێران و ناردنە دەرەوەی " شۆرشەکەی" ئیمە شاهیدی حزبالله و أمل و ... بزوتنەوەی ئیسلامی و جندالاسلام نەدەبوین، ئیستاش بیٚ کۆمەکی زۆر جدی ئێران، " جندالاسلام" ناتوانێت یەك هەفتە بمێنێتەوە، هەروەك چۆن بەبیٚ ئەنوەر سادات و زیا والحق و ڕیگان ئیمە شاهیدی دیاردەی " أفغان العرب " و بن لادن نەدەبوین، ئەمە واقعیەتی بزوتنەوەو هێزێکە کە دامێنێکی نیونەتەوەیی وە ناوچەیی فراوانی پەیداکردوە.

لێدان لە " جند الاسلام" و گروپەکانی وەك ئەو، ڕاستەخۆ جێگای مەحکوم کردن نی‌یە، ئەوەی جێگای مەحکوم کردنە هێشتنەوەی ئەم گیرفانەیە بە نیوەناچلٚی و بە سازش، وە تەنانەت بە دەست گرتنی خەلٚکی کوردستان لە رزگاربون لیٚیان، ئەم کارەش تەنها مەرج نی‌یە بە بردنە پێشەوەی شەڕ کوتایی بێتن بەشیٚ:ی هەر ئەکارانەیە کە پەیوەندی هەیە بە مافە ئینسانی‌یەکانی خەلکی کوردستان وکردنی بە یاسا کەلێکی نوٚیٚ، بەلام بومن ئەم هێرشە مەحکوم ناکەم، بەکورتی و بەکوردی چونکە کۆسرەت رەسول و مەلابەختیار و قادری حاجی علی و عومەر عبدالله لە هەلەبجە و تەویٚلەبن باشترە، نەك لەبەرئەوەی مافەکانی ئینسان بە کاملی پارێزراو ڕادەگرن بەلٚکو بەخاتری ئەوەی کە فەرزناکرێت ژنان موحەجەبەبن، مندالان موحەجەبەبن، موسیقا قەدەغە ناکرێت، سەیران قەدەغە ناکرێت، کاری ژنان و چونە دەرەوەی ژنان قەدەغە ناکرێت، هەر لەبەر خاتری ئەم ژمارە خالٚە کەمەش بێت، من لێدانی " جندالاسلام" مەحکوم ناکەم بەلٚام ئەمە لایەنگری بون نی‌یە بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەصلی مەسەلە لەبەرانبەر یەکێتی نیشتمانی‌دا دەگوٚڕیٚ بە ناونیشانی دەسەلاتداری ناوچەیەك لە کوردستان.

بەلام هەلومەرجی هەنوکەیی ئیٚستا، بەجیا لە ویست من یان هەرکەسێکی تر بە قازانجی ئیسلامی سیاسی نی‌یە، نە لە بەرخاتری ئەوەی کە ئەمەریکا دەیەوی هێرش بکاتە سەریان، ئەمەریکا هەرگیز کۆسپی نی‌یە لە گەل ئیسلامی سیاسی‌دا، بەمەرجێك لە خەتی سوری ئەمەریکا و بەرژەوەندی‌یە بالاکانی نەپەڕنەوە، ئەمە سیاسەتێکی پراگماتیزمی تەواوی حکومەتەکانی ئەمەریکابوە لە سەرەتایی جەنگی ساردەوە تا ئیستا، تاکو

مانگی ئەیلولی ئەمسالیش بەقەولی ڕوژنامەی حیاتی لندنی پەیوەندی ئەمەریکا نەپچراوە لە گەل بن لادن، بەڵکو ئیسلامی سیاسی لە بەر دووهوٚی گرینگ، ئەمڕوٚ ڕوژی تاریك بوە، یەکێکیان / فوٚکەس کردنی میدیای جیهانی‌یە لە لەسەر کارەکانی، یاساکانی، دەستور و مامەڵەی ئەم هێزانە لە گەل هاوولاتانیانی ئەو وولاٚت و ناوچانەی تیایدا دەسەلاتدارن و بەتایبەت لە بەرانبەر ژناندا، ئەمەیان ڕەئی گشتی جیهانی بەدژی ئەوان هەڵدەخڕێنێت، کە تاکو پێش ڕوداوەکانی ١١ی سیپتمبەر میدیای ڕاست ڕەوو ڕەسمی و سەربەخوٚ خوٚیان دەپاراست لەم مەسائیلانە بەخاتری " بەرژەوەندی بەرزی ئەمەریکا" دووەم/ هەلو مەرجی دەسەڵاتداریتی و بوحرانێکی قوڵی نێو هەیئەتی دەسەلاتدارێتی‌یە لە ئێران، بەتایبەت دوای ڕوداوەکانی ١١ی سیپتمبەر بەرەو قول بونەوەیەکی زیاتر چوە. ئەمە بەجیا لەوەی کە ئەم شێوەو ناوەڕوٚکە لە دەسەلاتی بورژوازی بەتەواوی لەماوەی ٢٠ سالٚی ڕابوردودا بە شێوەی جوٚراوجوٚر خوٚی تاقیکردوٚتەوە، لە ئیران، ئەفغانستان، سودان، جگە لە هێزەکانی جەزائیر و قەسابخانەکانیان، جەماعەتی ئیسلام و جیهادی ئیسلامی لە مصر، و.... کە چەند دژایەتی هەیە لەگەلٚ ویست و ئارەزووی ئینساندا بەبیٚ کوٚمەکی غەرب ئیسلامی سیاسی ناتوانێت درێژە بە ژیانی خوٚی بدات، بوچونی من وانی‌یە کە غەرب دەست لە ئیسلامی سیاسی هەڵبگریٚ، بەلام هیرش بوٚسەر ئەفغانستان، لیدان لە تالیبان و قاعیدە، ناکرێت تەنها کاریگەری‌یەکەی بوٚسەر ئەفغانستان بێت هێزە ئیسلامی‌یەکانی تر هەر وا بیٚ کوٚسپ بوی دەرچن. بەلام ئایا لێدان لە " جند الاسلام" ڕاستەخوٚ هەلومەرجی کوردستان دەگوٚڕیٚ و باش دەبێت بەقازانجی مافە سیاسی و مەدەنی‌یەکان؟ بەشێوەیەکی ئوتوماتیکی وانی‌یە، ئەمەیان ئیتر باسێکی ترە، من دەڵیم ئەوەندە باش دەبێت کە باسم کرد لەوە بترازیٚ، کاری خوٚیٚ دەوێت بوٚ ئەو ئاڵوگوٚڕە. ١١/٢٥